وردیلەچیرۆک

# دوا هەواڵی ڕادیۆ بێدەنگەکە!

**حەمەفەریق حەسەن**
hemefarik@yahoo.dk

ملبەندی سوور لەسەر قاتێکی شینی نایاب؛ لە گۆشەیەکی مردووی قاوەخانەکەدا تەنیا دانیشتبوو. چاوانی، زاری و هەردوو گوێی بەسەد دۆلاریی داپۆشیبوو. ژمارەیەک قەڵەمجاف و پاندان بەگیرفانی چاکەتەکەیەوە. لەم دیمەنە سریالییە تەققەی سەرمهات، گومانی... م لێکرد، خزمەکەی یاوەرم ناوو نازناوی بۆ هەڵنەداماپە نەمدەناسییەوە. جاران چۆنی و چاکیمان لەنێواندا هەبوو، ئەوسا ڕووناکبیرێکی چالاکی بوارەکەی بوو، ڕەنگبێ...

من پرسیم و خزمەکەم وتی، قەڵەمجافەکانی بێنووکن و پاندانەکانی بێمەرەکەب، بەڵام ئەگەر شەڕی بەتووشەوە بوو بەکاریان دێنێ! لەوەتەی تۆ ڕۆیوی دنیاکە زۆر گۆڕدراوە.. لە ئەفەندیی دۆلار بەچاوو گوێ وزار چوومە پێش و بەیادی جاران بەگەرمیی سڵاومکرد. هەواڵمپرسی و لەهۆی ئەم دیاردەیەشم پرسی. بەرد دوابێ ئەو نەدوا. بەرد جووڵابێ ئەو نەجووڵا. خۆم توندکرد پرسیم، بۆچی بێدەنگی، ئێمە یەکودوومان دەناسی، خۆتۆ ئەوسا ئەوەندە دەمگەرمبووی نۆرەی کەست نەدەدا؟ کەمێ چمکی100$ کەی لەسەر چاوی چەپی لاداو بینیمی، ئەوەی سەر زاریشی پیچێک جووڵاندو بەگۆشەی لێو وتی:
((گوایە نامبینی؟ ئەگەر قسانبکەم، ببینم، یانژی ببیستم، خودا دەمگرێ!))

خزمەکەم چپاندییە گوێم، دەڵێن بەڕووتی لە... دا بینیویانە، گوایە 100$ یەکیش بەدوڕ... یەوەیە. نێوچاوانم تێکنا، خۆم توندترکردو پرسیم، جاران، کە هەمووان بێدەنگبوون تۆ بەتەنیا ڕادیۆیەکی (FM)ی بیستوچوار سەعات کراوە بووی. نها هەموو هاواردەکەن و مستەکۆڵەیان لەهەوادا ڕادەوەشێنن کەچی تۆ بێدەنگی. خۆ من لەسیاسەتا ناکارام. سەبەی ئەدوو دەگەڕێمەوە ئەوروپا. ئیدی ئەم سڵکردنەت لەمن لە پایچی؟ نەختاڵێک چمکی 100$ یەکەی سەر لێوانی لادا، سەری هێنایە پێش و چپاندی، (( ئاخر لەوانەیە ئەم لاوەی یاوەرت، یان براو ئامۆزاکانی ئێرەت لە سیاسەتا کارابن!))

10 March 2007

**ئاماژەیەکی گرینگ**: ئەم وردیلەچیرۆکەش وەک تەواوی بەرهەمەکانی دیکەم ڕووی دەمی لەکەسێکی تایبەت نییە، بەقەردە ئەوەندەی (دیاردە)یەکی کردۆتە فرگەی خۆی.